# شیکردنەوەی دەق بە پێی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی
# (بە نموونەی شیعرێکی لە تیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو)

پ. د. هاوژین صلیوە عیسی
Hawzhen.slewa@koyauniversity.org
زانکۆی کۆیە_ فاکەڵتی پەروەردە-
بەشی زمانی کوردی

د. زاهیر ئیسماعیل سەعید
zahirismael1973@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە
ئامادەیی هەڵگورد

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٨\١٩ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\١٠\٢٢

**کورتەی باس:**

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی شیکردنەوەی دەق بە پێی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی(بەنموونەی شیعرێکی لە تیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو)ە، هۆی هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە ئەوە بوو ناوەڕۆکی خودی دەقەکان هەڵگری لایەنی دەروونی بوون، بۆیە تیۆری دەروونشیکاری فرۆیدمان بەپەسەند زانی بۆ شیکردنەوەی هەردوو دەقەکە.

ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم: بەناوی دەروازەیەك بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونییە، زۆر بەکورتی باسی ڕەخنەی دەروونیمان کردووە و بیری هەریەك لە فرۆید و یۆنگ و ئەدلەرمان خستۆڕوو.

تەوەرەی دووەم: بەناوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونزانی: لەم تەوەرەیان باسی ئەو پەیوەندە بەهێزەی نێوان دەروونزانی و ئەدەب کراوە، کە وەك دوو بازنەی یەکتر بڕ، پەیوەندی نێوان دەروونزانی و ئەدەب وجودی هەیەو خاڵی خاوبەشیان زۆرە، هەر لە ڕەشبینی و گەشبینی و هەڵچون و سۆز و خەیاڵ و چەپاندنی سێکسی...

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەیاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە سەر بنەمای شەنگستەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری فرۆید دەقێکی لەتیف هەڵمەت و دەقێکی عەبدوڵڵا پەشێومان لێکداوەتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێك خستۆتە ڕوو، دواتریش کورتەی باسمان بە زمانی ئینگیزی خستۆتە ڕوو، وە ئاماژەمان بەو سەرچاوانەش داوە کە سوودمان لێ بینیون.

**کلیلە وشەکان: key words**

**ڕەخنەی دەروونی: Psychological criticism ، فرۆید: Freud ، خەون: dream ، نائاگایی: unconscious، چەپاندن: Repression.**

**پێشەکی**

ئەگەر سەرنج بدەینە میتۆدی دەروونی، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی تیۆری و ڕەخنەیی لەلایەن لێکۆڵەرانی کوردی و بیانی لەسەر نووسراوە، هەر یەکە لە گۆشەنیگایەکەوە باسیان لە بابەتەکە کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە, ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی نائاگایی لەسەر داهێنانی ئەدەبی دەکات، بەپێی تێڕوانینی فرۆید (نائاگایی) فاکتەرێکی چالاکە لە کردەی داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا، بە پێی توێژینەوەکانی فرۆید, ئەدەب بەرهەمی (نائاگایی)ە و شاعیر و نووسەران لە حاڵەتی نائاگایی و زیندە خەوندا دەقی ئەدەبی بەرهەم دەهێنن. گرنگی بابەتەکە لەوەدا خۆی دەنوێنێت, ئەم میتۆدە دەتوانرێت بەسەر زۆر دەقی ئەدەبی کوردیشدا پراکتیزە بکرێت، چونکە حاڵەتە دەروونی و نائاگایی و چەپاندنی دەروونی لەلای شاعیر و نووسەرانی کورد هەیە و لە دەقەکانیان بەرجەستە بووە. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە میتۆدی (وەسفی- دەروونشیکاری) پەیڕەو بکرێ. لە ڕووی تیۆرییەوە, وەسفی ڕۆڵی دەروونناسی لە داهێنانی ئەدەبیدا کراوە و لە ڕووی پراکتیکیشەوە ئەم میتۆدە بەسەر هەردوو دەقی شیعری (لەتیف هەڵمەت, عەبدوڵڵا پەشێو) دا، بەرجەستەکراوە.

ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم: بەناوی دەروازەیەك بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، کە زۆر بەکورتی باسی ڕەخنەی دەروونیمان کردووە و بیر و بۆچوونی هەریەك لە: فرۆید و یۆنگ و ئەدلەرمان خستۆڕوو.

تەوەرەی دووەم: بەناوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونزانی: لەم تەوەرەیان باسی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان دەروونزانی ئەدەب کراوە، کە وەك دوو بازنەی یەکتر بڕ، پەیوەندی نێوان دەروونزانی و ئەدەب وجودی هەیەو خاڵی خاوبەشیان زۆرە، هەر لە ڕەشبینی و گەشبینی و هەڵچون و سۆز و خەیاڵ کەبتی ...

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەیاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە سەر بنەمای شەنگستەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری فرۆید دەقێکی لەتیف هەڵمەت و دەقێکی عەبدوڵڵا پەشێومان لێکداوەتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێك خستۆتە ڕوو، دواتر کورتەی باسمان بە زمانی ئینگیزی خستۆتە ڕوو، لە کۆتایشدا ئاماژەمان بەو سەرچاوانەش داوە کە سوودمان لێبینیون.

**دەروازەیەک بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی**

میتۆدی دەروونی ڕەگ و ڕیشەی قوڵی هەیە، خۆی لەو قۆناغانەدا دەبینێتەوە، کە هێشتا بەشێوەیەکی میتۆدی بەرجەستە نەبووبوون. ((ئەفسانەکان وێنەیەکی سەرەتای بوون، کاتێک بێئاگایی یان نەستی کۆ، کە لەلایەن کۆمەڵانی مرۆڤایەتییەوە دەرکەوتوون، وەکو خەزێنەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەرجەستە بوون و ڕابردووی مرۆڤ کۆی کردونەتەوە و پاش ماوەی دێرین لە چەرخەکانی ڕابردوودا بەجۆرێك لەئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە, کە لە خەون دەچێت و لە ئەنجامی کەڵەکەبووی بێ ئاگای یان نەستییەوە هاتوون))(مەعروف، ٢٠١٢، ٥٤)، یاخود دەتوانین لایەنی دەروونی لە بۆچوون و بەرهەمی یۆنانییە کۆنەکاندا بدۆزینەوە، ((لە تیۆرەکانی ئەفلاتووندا کاریگەریی شاعیرەکان لەسەر سیستەمەکانی بەها و ژیان لە (کۆماری خێرمەند)دا هەبووە))(فضل، ٢٠١٦، ٦١). لەوێدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەفلاتون باسی ئەم


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

حاڵەتەی کردووە. بۆی دەرکەوت کە هەستەکان زۆر کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوەی شیعر هەستەکانی مرۆڤ دەجوڵێنێت، بۆیە بەلایەوە شیعری لەهوباز ناپەسندە و لە کۆمارەکەیدا جێگای نابێتەوە. هەروەها ((خودی تیۆری پاکردنەوەی دەروون " کاپارسیس" لەلایەن ئەرستۆوە، ئەفراندنی ئەدەب پەیوەست دەکات بە ئەرکە دەروونییەکانەوە))(فضل، ٢٠١٦، ٦١). واتە ئەو لایەنە دەروونییەی نێو ئەدەب مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە مێژە قسە و گفتوگۆی جیاوازی لەبارەوە کراوە، کەواتە دەروونناسی وەکو زانستێک پێش فرۆید هەبووە، بەڵام فرۆید وەکو پزیشکێکی دەروونناسی بە شێوەیەکی زانستی کاری لەسەر لایەنی دەروونناسی لە کاری ئەدەبیدا کردووە و توانی بنەما یاساییەکانی میتۆدی دەروونی لە بواری ئەدەبدا بەرجەستە بکات، بەم کارەشی بووە خاوەنی میتۆدی دەروونی لە بواری ئەدەبدا. میتۆدی دەروونی بەشێوەیەکی زانستی ڕێکخراو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەست پێ دەکات. لەسەر دەستی لێکۆڵەر و پزیشکی دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆن فرۆید ١٨٥٦ – ١٩٣٩)، بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی ((لێکدانەوەی خەونەکان، لە ساڵی 1900 بەردی بناغەی بۆ ڕێبازێکی نوێی بۆ بابەتی چۆنیەتی کاری زەین دانا. فرۆید پێیوایە نائاگایی کە لە نێو کارەکانی زەینی ئاگاییدا ونە و دەورێکی بەرچاو لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و هەستکردنماندا دەگێڕێت. فرۆید دەڵێ؛ باشترین لێکدانەوە بۆ دۆزینەوەی ناوەرۆك و چالاکییەکانی نائاگایی, لێکدانەوەی خەونەکانمانن))(بریسلێر، ٢٠٠٢، ١٦٠) ئەو پێیوایە، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قوڵی ئاگایی لە خواستەکانمان، نائاگایی و وڕێنە خۆی دەسەپێنێت و کرداری ئەفراندن سەرهەڵدەدات. واتە داهێنانی ئەدەبی تەنیا کاری یەك لایەنە نییە بەجیا، بەڵکو هەر دوو فاکتەرەکە (ئاگایی و نائاگایی) ڕۆڵ دەبینن لە کردەی داهێناندا. میتۆدی دەروونی خۆی لە جیاکردنەوەی نێوان هەستی و نەستیدا، بەئاگایی و بێئاگاییدا دەبینێتەوە. ((بێئاگایی یاخود نەستی بە کۆگایەکی پشتەوەی نادیارەکانی کەسیەتی ئادەمیزاد دادەنێ. نائاگایی بە فاکتەرێکی چالاکی ڕەفتار و کردار و ئەفراندنی بەرهەم دادەنرێت، گرینگیدانەکەشی بەپلەی یەکەم دەرژێتە ناو لێکدانەوەی خەون، بەو پێیەی خەون ئەو پەنجەرەیە، کە بێئاگایی تیایدا دەردەکەوێت. ئەو ڕێگەیەیە، کە کەسایەتی بەهۆیەوە گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. لە پشت یاساکانی کەبت و قەدەغەکردنی کۆمەڵایەتی دەسووڕێتەوە))(فضل، ٢٠١٦، ٦٢), فرۆید کاتێك لە خەونی دەکۆڵییەوە هەستی کرد، کە لەیەکچوون لەنێوان خەون و ئەدەبدا هەیە، چونکە لە داهێنانی ئەدەبیدا فاکتەرە شاراوەکان لە کەسییەتی مرۆڤدا بەدەردەکەون و ئاشکرا دەبن. فرۆید و قوتابییەکانی (کارڵ گۆستاف یۆنگ و ئەدلەر) دەرکیان بەوەکرد، کە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە خەوندا هەن، وەك چڕکردنەوە و خزاندن و ڕەمزدایە هەمان ئەو یاسایانەن, کە لە سروشتی کارە هونەری و ئەدەبییەکانیشدا حوکم دەکەن. فرۆید لەو میتۆدەدا پشتی بەتوێژینەوەکانی دیاردەی ئەفراندن لە ئەدەب و هونەردا بەست، وەك دەرکەوتنێکی دیاردە دەروونییەکان و هەستی سێکسی. لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی ((لێکدانەوەی خەونەکان)) توێژینەوەیەکی دەروونی لەسەر ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند کرد و توانی میتۆدی دەروونی وەکو میتۆدێك لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بچەسپێنێت)(مەعروف، ٢٠١٢، ٥٢). ئەو بۆی دەرکەوت، کە ((مرۆڤ لە حاڵەتی ئاگاییدا هەست بە داهێنان ناکات تەنیا لەکاتی نەستی و نائاگایی دا نەبێت. "فرۆید" پێیوایە، کە نووسەر و هونەرمەندان لەحاڵەتی نیمچە لەهۆشخۆچوون و زیندە خەوندا کاری هونەری بەرهەم دەهێنن))(سەعید، ٢٠١٤، ١٧). واتە خەیاڵ و وڕێنە و نائاگایی هێزێکی مەزنییان پێ دەبەخشێت لە کردەی داهێناندا. باوەڕیشی وایە کێتی سێکسی ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرهەم هێنانی دەقی ئەدەبی هەیە, قەناعەتی وایە سێکسی هەموو ژیانی مرۆڤەکانی داگیرکردووە،

هەرلـەدایك بوونـەوە، کـە مـرۆڤ لـەرێی مـەمك مـژین و شـیرخواردنەوەی دایـك چێـژ وەردەگـرێ، دواتـر ئـەو چێـژە دەگوازرێتەوە بۆ کۆم و لەکاتی خۆ بەتاڵکردنەوە و فڕێدانی پاشـەڕۆ چێـژ وەردەگـرێ، دواتـر بـە گـەورەبوونی منداڵەکـە چێژەکە دەگوازرێتەوە بۆ ئەندامەکانی زاو و زێ.

**پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونزانی**

ئەدەب ئاوێنەیەکە دەروونی نووسەر نیشاندەدات، یاخود وێـنەیەکە گوزارشـت لە حەز و پەنهـانە شـاراوەکانی نووسـەر دەکـات. ((هەمـوو بەرهەمێکـی ئەدەبـی، کەم یـان زۆر خـاوەن ڕەهەنـدێکی دەروونییـە، بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاستەوخۆ باری دەروونی خاوەنی بەرهەمەکە لە ئانووساتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتە ڕوو. ئەم جۆرە بۆچوونە نـابێتە لەمپەرێك لەبەردەم جیاکردنەوەی ئەدەبی دەروونی لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا، کەواتە بەپێـی پەیـام و بـابەت و ڕەگەز لەیەکتر جیا دەبنەوە، فرۆید لەو بڕوایەدایە، کەوا ئەدەب دەربڕینێکی شاراوەیە بـۆ ئەو ئـارەزووە کپکـراوانەی لەوەوپـێش بواری دەربڕین و تێرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتووە))(گەرمیانی، ٢٠٠٥، ٢٠)، واتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی هـزر و خەیـاڵ و ژیـنگە و ڕووداوەکـانە، کـردنەوەی دەرگـایەکە لە حەز و ئـارەزووە خەفەکراوەکـانی نووسـەر و قەرەبووکردنەوەیـان لە ڕێـگەی ئەدەبەوە، چـونکە لە ئەدەبـدا ڕێـگە دەدرێـت هەنـدێ بـابەتی حەز و ئـارەزووی وروژێـنەر دەربـبڕدرێن، واتە کـۆمەڵگە چاوپۆشـی لەو بابەتـانە دەکـات، کە لە ڕێـگەی ئەدەبەوە دەردەبـڕدرێن، بـۆیە کاتێـک شـاعیر و نووسـەران لە بەدیهێنـانی حەز و ئارەزووەکانیـان لە واقیعـدا شکسـت دەهێـنن، هەوڵـدەدەن وەک بەدیلێـک لە ڕێـگەی خەیـاڵی ئەدەبەوە دەری ببڕن، بەڵام ئەدلەر زیاتر قەناعەتی بەوە هەیە و پێی وایە ئەدەب پڕکردنەوەی کەم و کوڕی نووسەرە.

پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و دەروونزانـی پەیوەنـدییەکی دوولایەنە ((دەروونزانـی کـاری شـیکردنەوە ئەنجـام دەدات و ئادگارەکانی مرۆڤ شیدەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ماکە هاوبەشەکان، بەڵام ئەدەب زانستێکە لەلایەنە وردەکـان دەکـۆڵێتەوە و لە ڕێی ڕەگەز و جۆرەکانی دەقی ئەدەبییەوە بەم کارە هەڵدەستێت))(گەرمیانی، ٢٠٠٥، ٢١)، واتە لە ڕێگەی ڕاڤەکـردن و لێکدانەوەی ئەدەبەوە هەست بە مەیل و ویستە شاراوەکانی نووسەر دەکەین.

فرۆید بـاوەڕی وایـە ((بەرهەمـی ئەدەبـی هەروەکـو خەون و خەیـاڵ بـریتییە لە گوزارشـتکردن لەو حەز و ئـارەزووە کپکـراوانەی هەر لەسـەردەمی منـداڵییەوە تـا تەمەنـی پێگەیشـتن لە نـاوچەی نائاگـایی (لا شـعور)دا هەڵگیـراون، لەبەر کۆمەڵێک یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری ئـایینی نەتـوانراوە جێبەجـێ بـبن، بـۆیە ئەم حەز و ئـارەزووانە لە ناوچەی نائاگاییدا پارێزراون، تا لەکـاتی خەو بینـین، یـان خەیـاڵکردن، یـان داهێنـانی بەرهەمـی ئەدەبـی و هـونەرییەوە، هەنـدێک لەو حەز و ئـارەزوانە جێبەجـێ دەبـن)) (خەلیـل، ٢٠١١، ٥٩). واتە داهێنـانی ئەدەبـی و هـونەری یەکـێکن لە دەرچەکان بۆ خاڵیکردنەوەی حەز و ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤ، کە لە ناوچەی نائاگاییدا هەڵگیـراون و مـرۆڤ پێـی نەگەیشـتووە. بە واتـایەکی تـر ئەدیـب دەکەوێـتە ژێرگوشـاری ئـارەزووی خەفەکراوەکـانی، لە ئەنجامـدا هەوڵـدەدات دەرچەیەک بدۆزێتەوە. نائاگایش پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت و بەرەو داهێنانی ئەدەبی دەبات، تاکو ئەم حەزە تێر بکات.

فرۆیـد بەراوردێکـی لە نێـوان خەون و ئەدەبـدا کـرد، لەم بەراوردەدا دیـاردەی (خەون)ی بەپێـی بـاری جەسـتەیی و سایکۆیی بە چەند سیفەتێك دیاری کرد، وەک ((چڕکردنەوە، خزاندن، هێما))، هەروەهـا قوتابییەکـانی فرۆیـدیش (یۆنـگ،

ئەدلەر) دەرکیان بەوە کرد، کە هەمان ئەو یاسایانەی کە لەخەوندا هەن، وەک (چڕکردنەوە، خزاندن، هێما) بە شێوەیەکی تایبەتی لە سروشتی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانیشدا حوکم دەکەن)(فضل، ٢٠١٦، ٦٢).

فرۆید پێیوایە، کە نەست (نائاگایی) بۆ دەربڕینی ئارەزووە چەسپێنراوەکانە، کە داهێنەر پەنایان بۆ دەبات. وە هەمان ئەو میکانیزمانە بۆ دیاردە ئەدەبییەکان دیاریدەکات، کە لە خەوندا هەن، ((یەکێك لەو میکانیزمانە چڕکردنەوە (التکثیف)ە، کە بریتییە لە لابردنی چەند بەشێك لە بابەتەکانی نەست و تێکەڵکردنی چەند ڕەگەزێک بە یەکتر بۆ ئەوەی تێکەڵەیەکی تەواویان لێ پێکبهێنێت و پێویستی بە وردەکاری زۆر نەبێت، یەکێکی تر لەو میکانیزمانە لابردنە (الازاحە - خزاندن)، کە بریتییە لە گۆڕینی بابەتی ئارەزووی ناهۆشیاریی قەدەغەکراو بە بابەتی تری پەسندکراو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نەریتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر گۆڕینی ئامانجێکە بە ئامانجێکی تر، کە نەریتە ئەخلاقییە باوەکان بە خراپی دانانێن. دوا میکانیزمیش هێمایە، کە بریتییە لە نواندن، یاخود خستنەڕووی چەپاو، بە زۆریش بابەتێکی سێکسییە و لە ڕێگەی بابەتێکی ناسێکسییەوە دەخرێتە ڕوو))(خەلیل، ٢٠١٧، ٨٠)، واتە هەموو کارێکی ئەدەبی، یاخود هونەری دوو ڕووی هەیە؛ یەکێکیان شاراوەیە و ئەویتریشیان ئاشکرایە، بۆیە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، لەسەر ڕەخنەگری دەروونی پێویستە پەنا بباتە بەر بارودۆخ و ژیاننامەی نووسەری دەق بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاڤەکردنی دەق, یان کاری هونەرییدا یارمەتیدەری بن، بە جۆرێك بتوانێت بگاتە مەبەستی دەقەکە و دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی دەق.

فرۆید بەهۆی کارکردن لە بواری دەروونی و سوود وەرگرتن لە هەندێ دەقی ئەدەبی، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ((گرینگترین ئارەزووە کپکراوەکانی مرۆڤ, ئارەزوو سێکسییە، کە بە (گرێی لیبیدۆ) ناوی دەبات. ئەو پێیوایە ئەدەب و هونەر بەرهەمی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانە، دواتر ئەم بۆچوونە لەلایەن قوتابییەکانی خۆیەوە ڕەتکرایەوە، بە تایبەتی لەلایەن (ئەلفرید ئادلەر)ەوە، کە پێی وابوو ئەدیب و هونەرمەندان لە ئەنجامی هەستکردن بە کەموکوڕی خولیایی داهێنانیان لا سەرهەڵدەدات))(خەلیل، 2011، 57)، واتە بەلای ئەدلەرەوە هەموو داهێناتێکی ئەدەبی، یان هونەری دەرەنجام و ڕەنگدانەوەی ئەو کەم و کوڕییانەیە، کە لە کەسێتیدا هەیە، نەک بەتەنها ئارەزووە سێکسییەکان. ((ئەو پێیوایە (فرۆید) لە بابەتی حەزی سێکسی لای ئەدیب و هونەرمەندان بەهەڵەدا چووە، کاتێک ئەم حەزەی کردۆتە پاڵنەرێکی سەرەکی داهێنانی ئەدەبی و هونەری. بە لای (ئەدلەر)ەوە هێزی داهێنان لە گرێی هەستکردن بە کەمی بەهێزترە لە گرێی سێکسی، ئەدلەر دەڵێت: بۆ ئەوەی هەست بکەن کە مرۆڤین، دەبێت لە خۆماندا هەست بە کەمی بکەین. و هەست بە کەمی کردنە هانمان دەدات خۆمان کامڵ بکەین و کەموکورییەکان پڕ بکەینەوە))(شلتەر، ١٩٩٩، ١٤٤). بە بۆچوونی (ئەدلەر)، مرۆڤ لە ئەنجامی هەستکردن بە کەموکوڕی, چەمکی قەرەبووکردنەوە لەلای سەر هەڵدەدات، واتە مرۆڤ بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی خۆی, هەوڵدەدات لە بوارێکی دیکەدا تواناکانی خۆی بسەلمێنێت. بە بۆچوونی ئەو داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری، بەرهەمی قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕی مرۆڤە، کەواتە گرێی هەستکردن بە کەموکوڕ لای شاعیر و نووسەردان داهێنان دروست دەکات. هەروەک پێشرەو عبدولا، دەڵێت: ((شاعیر لەیەک کاتدا نیشتەجێی نێوان دوو جیهانە، ئەویش جیهانی خواستە بەدی هاتووەکان و جیهانی خواستە بەدی نەهاتووەکان، ئەوەی بەدی دێت شاعیر وازیان لێ دەهێنێت، بەڵام خواستە بەدی نەهاتووەکان شاعیر دەکەنە ئەو گەڕیدەیەی کە بۆ ناو ماڵی شیعر بیانگوازێتەوە))(عبدالله، ٢٠١٢، ٦٤)، واتە شاعیر کەسی کۆڵنەدەرە، بۆ قەرەبووکردنەوەی خواستە بەدینەهاتووەکانی پەنا بۆ داهێنانی ئەدەبی دەبات و هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەدەبەوە ئەو خواستە شاراوە بەدینە هاتوانەی

بەیـان بکـات. کەواتە شـاعیر و ئەدیـب هەمـوو هێـز و توانـای خۆیـان لە ڕێـگەی ئەدەبەوە بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئەم کەموکوڕیانەدا بەکاردەهێنن، هەروەها یۆنگ باسی نەستی کۆ دەکات و پێیوایە، نەستی کۆ کاریگەری خۆی هەیـە لـە دایك بوونی ئەفسانەکان و لە فراژیبوونی دەقی ئەدەبی.

((یۆنگ تیۆرەکەی بەوە لە فرۆید جیاکردەوە، کە فرۆیـد بـاوەڕی بە هەبـوونی نەسـتی تـاکە کەسـی هەبـوو، هەرچەنـدە یۆنگیش باوەڕی بە نەست هەبوو، پێشی وابـوو داهێنـان لە جیهـانی نەسـتەوە سـەرچارە دەگرێـت، بەڵام بە لای یـۆنگەوە (نەسـتی کـۆ) بـوونێکی هەمیشـەیی هەیە لە نێـو تاکەکـان، ئەو نەسـتەش کەڵەکەبـووی کەلتـور و عـادات و تەقالیـدی ئەو میللەتەیە، کە لە باب و باپیرانەوە گواستراوەتەوە بـۆ نەوەکان))(سلێوە، ٢٠١٣، ٧٦). مەبەسـتی یۆنـگ ئەوەیە کە پێمـان بڵێ, ئەو ئەدەب و ئەفسانانەی کە لە چاخە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەرهەمی نائاگـایی کـۆی ئادەمیزادەـ خەڵکـی ئەم نائاگاییانەیان، تەنیا لە خەوندا بینیوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونێکی پێچەوانەش هەیە، کە پێیوایە چیـرۆکە ئایینییەکـان، کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسکراون، نموونەی واقیقین بۆ بەرجەستەکردنی ئەفسانەن. ئەمـە بـە کـورتی بیـر و ڕای سـێ زانای گەورەی بواری دەروونزانی بوو، کە هەریەکەیان بەدید و تەجروبە و ڕوانینـی خۆیـان پەیوەنـدی نێـوان ئـەدەب و دەروونزانییان خستۆتە ڕوو.

**شیکردنەوەی شیعرێکی لە تیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو**

**یەکەم:** (لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی، کە لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستی سـەدەی بیسـتەم، لەدوای (گـۆرانی شـاعیر)ەوە، دەسـتی داوەتە نـوێکردنەوەی شـیعری کـوردی و بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و لە ڕێـگەی ئەدەبی عەرەبییەوە پەیڕەوی ڕێبـازی (دادایـی و سـوریالی) ڕۆژئـاوایی کـردووە. حـاڵەتی دەروونـی لە بەشـێکی زۆری هۆنراوەکانیدا زاڵە. هەروەک لە هۆنراوەی (**خەوی ون بوو**)دا دەکەوێتە حاڵەتێکی دەروونی و نائاگاییەوە و دەڵێ:

خەوم بینی پەنجەکانم چۆلەکە بوون
چۆلەکەی وەرزی ئەوین
لەناو باخی پرچەکەتدا هەڵدەفڕین
خەوم بینی من مناڵا بووم.. تۆش هەنگوین
من تینوو بووم تۆ ڕووبار بووی
من ئاوارە بووم تۆ شار بووی
خەوم بینی مناڵ بووم و
لە بێستانی شەوی لادێ
وروژا.. بووم
خەوم بینی سەرما و سۆڵ بوو
لەنێوانی سنگ.. و مەمتا هەڵاژا بووم
کە خەو وەکو پەڕەسێلکەی بەر باران
دای لە شەقەی باڵ بۆ ئاسمان

لە تاریك ژوورەکەمدا پرووقا بووم
بە تەنیایی توور درا بووم (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨١).

ئەم هۆنراوەیە، کە بەناونیشانی (خەوی ون بوو) گوزارشتە لە حاڵتی دەروونی و نائاگایی (لەتیف هەڵمەت)، شاعیر خەوی هەڵبژاردووە بۆ تێرکردنی حەزەکپکراوەکانی، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی خەودا دەتوانێت بە ئارەزووە ڕەوشتییە نەویستراوە قەدەغەکراوەکانی بگات.

ناونیشانی هۆنراوەکە کۆک و تەبایە لەگەڵ ناوەرۆکی هۆنراوەکە، (خەوی ونبوو)واتا خەوێکی زڕا و خەوێکی بە ئاکام نەگەیشتوو، چونکە هەندێ خەونی سێکسی هەیە تاپلەی ئۆرگازم بەردەوامی هەیە، هەندێ خەونیش تەنها حەسرەت و بەبیرهاتنەوە و ناسۆرە، شاعیر لەم هۆنراوەیەدا کۆمەڵێ وێنەی سەرنجڕاکێشی بەکارهێناوە.

شاعیر کەسێتییەکی بێهێز و بچوکە (خۆبەکەم گرە) لەبەرامبەر یاردا، چونکە سیفەتی بەهێزی و بەخشندەیی یارە و سیفەتی لاوازی و لێقەوماوی شاعیرە. وەرزی ئەوینی بەکارهێناوە، ڕەمزە بۆ گەنجییەتی و عەشق و ئەوین, ئەو وێنانەی شاعیر بەکاریهێناون؛

- پەنجەکانی شاعیر چۆلەکەی بێنەوان = پرچی یار باخە.
- شاعیر مناڵێکی نەوسنە = یار هەنگوین.
- شاعیر ئاوارە و بێ لانە و لێقەوماوە = یار شارە.
- شاعیر کەسێکی تینووە، موحتاج بە قومە ئاوێکە = یار ڕووباری شیرینی بێکۆتاییە.
- دووبارە شاعیر مناڵێکی چڵێس و دزێوی شەوانەی لادێیە = یار بێستانی بە پیت و فەڕە.
- شاعیر کەسێکی ڕووت و ڕجاڵە لە زستانێکی سەرماوسۆڵەدا = سنگ و مەمکی یار مەنزڵگەی گەرم و نەرمە، شارە، جێگای داڵدەدانی ئاوارە و هەژارانە، جێی هەسانەوەی ڕۆح و گیانە.

پاش ئەم خەوە، شاعیر بەئاگا دێتەوە و خۆی، وەک ئەو پەڕە سێلکە بێتاوانە دەبینێت، کە بەرەو ئاسمان دەفڕێت، لە پڕێکا باران لێیدەدات و پەڕ و باڵەکانی تەڕ دەبێت و لەو ئاسمانی شین و جوان و فراوانەوە، لەو لەزەت و خۆشییەوە دەکەوێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، شاعیریش بەهەمان شێوە (لە تاریك ژوورەکەمدا پرووقا بووم - بە تەنیایی توور درا بووم)، خۆی لە تاریکی ژوورەکەیدا بە تەنیایی و فڕێدراوی دەبینێتەوە. تاریکی هێمایەکی دەروونی ڕەشبینی و ناخۆشی و دوورەپەرێزی و بێهیوایی...پیشان دەدات.

هەموو ئەو لەزەت و خۆشییە، تەنها خەو و خەیاڵ بووە. شاعیر لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە، هەوڵی خاڵیکردنەوە و تێرکردنی ئەو ئارەزووە خەفەکراوانە دەدات، کە قەدەغەکراون و سنوری ڕەوشتی کۆمەڵایەتین و نابێ ببەزێنرێن.

شاعیر چەند جارێك دوو خاڵی داناوە، هیچ کام لە نیشانەکانی تری خاڵبەندی دانەناوە، خۆی دانانی سێ خاڵ مانای پچڕاندنی بابەتێکی تەواو نەکراوە، بەڵام شاعیر لە جیاتی سێ خاڵ تەنها دوو خاڵی داناوە، ئەمەش هەمان مانا دەگەیێ، لێرەدا نیشانەکانی خاڵبەندی ڕەهەندی دەروونی پیشاندەدەن و مەبەستیان لەپشتە، ئەوەتا لە سێ دەربڕی مناڵ بووم...وروژا..بووم.. سەرماو سۆڵ بوو..سنگ و...مەمتا ئەو پچڕانە هەیە، خۆی ئەگەر دەستور ئاسا بەپێی لایەنی زمانی مامەڵە لەگەڵ دەق بکەین، ئەم دەقەی لەتیف هەڵمەت لایەنی خاڵبەندی تری دەوێ، بەڵام زمانی شیعری ئەو

زمانەیـە لـە زمانـە ئاسـاییەکە هەڵدەگەڕێتـەوە و دیـدی تـر پیشـان دەدات، بۆیـە ئاسـاییە شـاعیر لەیاسـاکانی خاڵبەنـدیش هەڵگەڕێتەوە. لەتیف هەڵمەت لە دەقی تریشی جاری وا هەیە چوار نیشانەی سەرسامی یان سێ نیشـانی پرسـیار دادەنـێ، تەنانەت بۆ شوێنی وا دایان دەنێ کە خۆی پێویستی بەیەك نیشانەش نییە، بەڵام ئەو دەیەوێ بەم هۆکارە لایـەنی دەروونـی دروست بکات. شاعیری ترمان هەیە هەر نیشانەی خاڵبەندی دانـانێ لەوانـە: سـەباح ڕەنجـدەر، کـەریم دەشـتیش زۆر بـە کەمی نیشانەی خاڵبەندی دادەنێ، چونکە ئەو دەیەوێ وێستگەی سەرسـامی و هەڵوەسـتە بگۆڕێتـەوە بەلایـەنی دەروونـی خوێنەر، نەك وەك دیدێکی زمانی دەقەکە. هەریەك لەم جۆرە بۆچونانە ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆی دەوێ. ئەم دەقەی لـەتیف هەڵمەت یەکەم شیعری دیوانی (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە) لەساڵی 1977 بڵاوکراوەتەوە، ئەو کات شاعیر تەمەنی بیست و نۆ ساڵ بووە، گەنجێکی تێر و تۆخ و لە هەرەتی گەنجی و حەزی دونیـایی بـووە، کـە دیوانەکـەی بڵاوکردۆتەوە. سەبارەت بەم شیعری لەتیف هەڵمەت دەڵێ: ((ئەم شیعرەم لە سـاڵی 1976 لـە بەغدا نووسـیوە، خـۆی بـۆ کچێکم نووسیوە، ئەوکاتی ژنم نەهێنابوو، هەندێ جار شاعیر حەقیقەت دەکاتە ئەفسانە، زۆر جـاریش بەپێچەوانـەوە، زۆر جاریش خۆم ئەفسانە دروست دەکەم، زۆر کەس کە سـەرکەوتوونین لـە شـیعر نووسـین، ئەوانـەن نـاتوانن بیرۆکەکـە لـە واقیعەوە بیکەنـە ئەفسـانە، کـە نـەتوانرا وای لێبکرێ، دەبێتـە بیـرەوەری نـەك شـیعر))(هەڵمەت، 2024/8/11). مەسـتی لەتیف هەڵمەت ئەوەیە، کە ئەم شیعرە حەقیقەتێك پێی نووسیوە، بـەڵام خـەیاڵفراوانی شـاعیر ڕۆڵـی هـەبووە لـە بـە شـیعر کردنی حەقیقەتەکە.

**دووەم**: (عەبدوڵڵا پەشێو) شاعیرێکی ناوداری شاری هەولێرە. ((لە سـاڵی ١٩٧٠ بەشـداری لە دامەزرانـدنی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لە بەغـداد کـردووە))(www.pashew.com/kurdish). یەکـێکە لە شـاعیرە دیارەکـانی قۆنـاغی هـاوچەرخ و دەنگێکـی دیـاری ئەو قۆنـاغە بـووە و تـا ئێسـتاش لە ڕێـگەی شـیعرەوە، پەیـامە سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و چاکسازییەکانی دەگەیەنێت. شیعری (تەنیایی)، یەکێکە لە شیعرە دیارەکـانی دیـوانی (هەسـپم هەورە و ڕکـێفم چیـا)، ئـێمە لێرەدا بە پێی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکەین:

**تەنیایی**

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا

شێی نەفەسبڕ

ڕەنگی بوونم گەندەڵ دەکا،

بگرە و بەردەی نابڕێتەوە،

هەر تەنیایی

چرای هزر و خۆبینینم بۆ هەڵدەکا...

بەڵام بریا، خاتوونەکەم، تۆ دەتزانی

هەندێ شەوان تەنیایی چیم لەگەڵ دەکا!
دێ, دەتەنێ دەشتی ڕۆحم بە هۆبەی خەم،
بەهاریش بێ، شینکەم نوقمی خەزەڵ دەکا.
هەر ئەو دەمبا بۆ خەڵوەتگە،
هەر ئەویش دێ،
لە پڕێکا میحرابەکەم چەپەڵ دەکا!
وات چەش کردووم بە تاموبۆی سفرەی لەشت،
جارجار نەفسم لە گورگێکی زەیتەڵ دەکا،
تا بەیانی دەلوورێنێ مانگ ڕاو دەنێ،
ئەلهای کەزی و شلکەی ڕان و کەفەڵ دەکا.
پەریی شیعر، ئەوەی کچی تەنیاییمە،
تۆم لا نەبێ، لە تارمایی و کۆتەڵ دەکا.
هەر ئیکسیری باوەشی تۆ
هەر دوو بەهەشت:
گۆشەگیری و گەرمیی بەدەن، تێکەڵ دەکا.
گوناهت کرد کە نەهاتی،
تورەش نابم -
کچ نەمامە،
پێش گرگرتن دووکەڵ دەکا! (پەشێو، ٢٠١٤، ٢٨).

ناونیشاتی هۆنراوەکە (تەنیایی) خۆی لە حاڵەتی دەروونی و گۆشەگیریدا دەنوێنێ، تەنیایی چەندان مەدلوولی هەیە لەوانە: گۆشەگیری، خەم، خۆخواردنەوە، ئازار، مەینەتی...کوردەواریش وتەنی: تەنیایی بۆ خوای باشە. زۆر جار شاعیر لەنێو قەرەباڵغیەکی زۆر دایە، کەچی هەست بەنیایی دەکات، چونکە ئەو کەسانەی دەوروبەر ئەو کەڵێنە ڕۆحییە بۆشاعیر پڕناکەنەوە، بەڵکو ئەو ئاتاجی کەسێکە کە لەو تەنیاییە ڕزگار بکات. وەك هێمنی شاعیر دەڵێ:.. درۆیە گە وتوویانە بە خونچێکی بەهار نایە. ناونیشان وەك چەتر وایە بابەتەکانی لەژێر کۆدەبنەوە، بۆیە ناونیشانەکە ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی شیعرەکەیە و ڕەهەندێکی دەروونی پێبەخشیوە.

شاعیر سەرەتا بە ئاگایی دەستپێدەکات و دنیا بە جەنگەڵێکی چڕ دەچوێنێ، شاعیر خۆی لەنێو ئەو جەنگەڵە چڕەدا دەبینێتەوە و ئەو چڕی و جەنجاڵییە نەفەسی بڕیوە و شێوەی ڕوخسار و ژیانی شاعیری تێکداوە و خراپی کردووە, واتا لەنێو غەوغا و قەرەباڵغی ئەو هەر تەنیایە. پێیوایە ئەم جەنجاڵییەی ژیان بەردەوامە و شاعیری بێزارکردووە، بۆیە شاعیر پەنا بۆ تەنیایی دەبات و بە چرای ڕووناکی بیری خۆی دەزانێت و بوونی خۆی لەو تەنیایەدا دەبینێتەوە، زۆر شاعیری تریش ئەم بارە دەروونییەیان ئەزموون کردووە، وەك سوارەی ئیلخانی زادە لە شیعری دەڵێم بڕۆم لەشارەکەت،

هەستی دەروونی خۆی دەربڕیوە. پەشێو لەو تەنیاییەش ئۆقرە ناگرێت و دەردەدڵی تەنیایی بۆ یار دەکات و دەڵێت: تەنیایی دێت و ڕۆحم بە خەم دەتەنێ, ئەگەر وەرزی بەهاری جوان و سەوزیش بێت، بەڵام تەنیایی شاعیری نوقمی وەرزی خەزان (وەرزی وەرینی گەڵای زەردی پایز) کردووە، واتە شاعیر لە هەر دوو حاڵەتدا، لە جەنجاڵ و تێکەڵاوی دنیا بێزارە و لە تەنیایشدا خەم دەخوات.

پەشێو بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (هەر ئەو دەمبا بۆ خەڵوەتگە)، واتە هەر تەنیایی ڕاپێچم دەکا, شاعیر تەنیایی و خەم و بێزاری خۆی بۆ یار باس دەکات، پاشان شاعیر دەکەوێتە خەیاڵی ڕابردووی ژوانی لەگەڵ یار و دەکەوێتە حاڵەتی بێ ئاگایی و بە دەنگێکی بێ پەنهان و بێ پێچوپەنا، پەردە لەسەر هەموو ئەو ڕەفتارە ورووژێنەرانەی کە لەکاتی ژوانی لەگەڵ یاردا ئەنجامی داوە باس دەکات و دەڵێت: ئەی یار وات نەوسنکردووم بە تاموبۆنی سفرەی لەشت, هەر بۆیە ئێستا لە تەنیاییدا جارجار نەفسم وەکو گورگێکی گوێقوتی هەستیار و چاوبرسی تا بەیانی دەلووڕێنێ و دەناڵێنێ. هەروەک چۆن گورگێکی برسی تەماشای مانگ دەکات و دەلووڕێنێ و وا هەست دەکات بەدەنگییەوە دێت، تا ڕاوی بکات، منیش وەکو ئەو گورگە دوور لە جوانی تۆ، کە وەکو مانگ وایت، دەناڵێنم. (لێرەدا لێکچواندنێکی بەهێز هەیە، شاعیر خۆی بە گورگی گوێقوت و برسی داناوە، کە هەردووکیان لە دووری نێچیرەکەیان دەلووڕێنن، هەروەها یاریشی بە مانگ چواندووە، کە ڕەمزە بۆ جوانی، واتە وەک چۆن ئەو گورگە بەرامبەر بەمانگ دەوەستێت و ناتوانێ ڕاوی بکات, منیش ناتوانم تۆ ڕاو بکەم. لەم کاتەدا، کە شاعیر دەستی بە یار ناگات، بارودۆخە دەروونییەکەی زیاتر پەرەدەستێنێت، بەڵام ئەوەش دادی شاعیر نادات، بەڵکو ئەوەی بۆ شاعیر دەمێنیتەوە، لە دووری کەزیی و شلکەی ڕانی یارەکەی، وەکو ئەو گورگەی بەرامبەر بەمانگ دەلووڕێنێ, دەمی کەف و لیک دەکات و خەریکە سوێی دەبێتەوە، چونکە دەمی نایگاتێ. شاعیر لە کاتێکدا دەست و دەمی ناگاتە یارەکەی و بەدڵی شکاوەوە و ناچارییەوە دەگەڕێتەوە، پەنا بۆ شیعر دەبات و وەکو یاری تەنیایی و دڵنەوایی خۆی تەماشای دەکات و دەڵێت؛ ئەگەر تۆشم لانەبی تارمایی بینابیم نامێنێت و دەمرم (کۆتەڵ)[1]. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هێشتا لە نائاگایی و وڕێنەدایە و ڕوو دەکاتە یاری بێ بەڵێنی و دەڵێت؛ هەر (ئیکسیر)[٢] تێکەڵاوبوونێک، دەستەملانێکی باوەشی تۆ, گۆشەگیری من و گەرمی جەستەمی تۆ, دەکات بە دوو بەهەشت، واتە گەیشتن بە یار بۆ شاعیر وەک بەهەشت وایە. پاشان شاعیر دەگەڕێتەوە حاڵەتی ئاگایی و ڕوو دەکاتە یاری بێ وەفای و دەڵێت؛ گوناهباری کە نەهاتی لە تەنیایی و خەفەت دەربازم کەیت, لەگەڵ ئەم هەموو ئازارەشدا توڕە نابم، چونکە دەزانم کچ نەمامێکی ناسکە، پێش ئەوەی دابگیرسێ و ڕووناکی پەخش بکات دووکەڵ دەکات. واتە کچ نەمامێکە، بەڵێن دەدات، بەڵام نایباتە سەر.

شلکەی ڕان، کەفەڵ، کچ = نەفس، گورگ، حەز/ واتا بوونی ئەوەی یەکەم، بەدیارکەوتنی ئەوەی دووەمە، ئەم حەزە ناوەکییەی مرۆڤیش دانامرکێتەوە، بەدوای تێربوون دەگەڕێ، کە تێریش نەبوو، وەك فرۆید دەڵێ: لە بواری ئەدەبی ڕەنگدەداتەوە.

1 - ٢- (کۆتەڵ): هەسپێکە لە کاتی شیندا بە ئەسبابی مردووەوە دەیگێڕن، (ئیکسیر): وشەیەکی عەرەبییە، مەبەست دەرمانێکە گوایە کانزا دەکاتە زێڕ، واتای ئەم وشانە لە (فەرهەنگۆکی) دیوانی شاعیر وەرگیراوە. (پەشێو، ٢٠١٤، ٥١٢، ٥٣٧).

لە هەر دوو دەربڕینی: هەندێ شەوان تەنیایی چیم لەگەڵ دەکا! /لە پڕێکا میحرابەکەم چەپەڵ دەکا! شاعیر نیشانەی سەرسامی بۆداناون، خۆی ئەو نیشانەیەی ناوێ، بەڵام بۆ سەرنج ڕاکێشان و پیشاندانی کاریگەری و لایەنی دەروونی بەکاری هێناوە، واتا ئەوەی لە نووسینی ئاسایی ڕێگاپێدراونەبێ، بۆشاعیر ڕێگا پێدراوە.

**کورتەی باس:**

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی شیکردنەوەی دەق بە پێی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی(بەنموونەی شیعرێکی لە تیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو)ە، هۆی هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە ئەوە بوو ناوەڕۆکی خودی دەقەکان هەڵگری لایەنی دەروونی بوون، بۆیە تیۆری دەروونشایکاری فرۆیدمان بەپەسەند زانی بۆ شیکردنەوەی هەردوو دەقەکە.
ئەم توێژینەوە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم: بەناوی دەروازەیەك بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونییە، زۆر بەکورتی باسی ڕەخنەی دەروونیمان کردووە و بیری هەریەك لە فرۆید و یۆنگ و ئەدلەرمان خستۆڕوو.
تەوەرەی دووەم: بەناوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونزانی: لەم تەوەرەیان باسی ئەو پەیوەندە بەهێزەی نێوان دەروونزانی و ئەدەب کراوە، کە وەك دوو بازنەی یەکتر بڕ، پەیوەندی نێوان دەروونزانی و ئەدەب وجودی هەیەو خاڵی خاوبەشیان زۆرە، هەر لە ڕەشبینی و گەشبینی و هەڵچون و سۆز و خەیاڵ و کەبتی سێکسی...
تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەیاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە سەر بنەمای شەنگستەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری فرۆید دەقێکی لەتیف هەڵمەت و دەقێکی عەبدوڵڵا پەشێومان لێکداوەتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێك خستۆتە ڕوو، دواتریش کورتەی باسمان بە زمانی ئینگیزی خستۆتە ڕوو، وە ئاماژەمان بەو سەرچاوانەش داوە کە سوودمان لێبینیوە.

**ئەنجام**

١- هەر دوو دەق زۆر لە یەکەوە نزیکن و لە تەنیایی و حاڵەتی دەروونی چڕدا بۆ مەبەستی خاڵیکردنەوەی غەریزە نووسراون، لەم دوو دەقەدا تەنیایی فاکتەری سەرەکییە بۆ زاڵبوونی لایەنی دەروونی و نائاگایی، وروژاندنی حەزە کپکراوەکانی مرۆڤ.

٢- لە هەر دوو دەقدا، هەست بە چەپاندنی سێکسی و لایەنی دەروونی دەکرێت، هەر دوو شاعیر لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە، هەوڵی خاڵیکردنەوەی ئارەزووە خەفەکراوەکانیان داوە، کە لەو کاتەدا پێی نەگەیشتون، بۆیە بەپێی تیۆری دەروونشیکاری فرۆید لێکدانەوەمان بۆ دەقەکانیان کردوون.

٣- لەتیف هەڵمەت لە شیعرەکەیدا خەونی کردووە بە بنەمای دەروونی، چونکە خەون هەناسە فراوانی و مەودا دەدات بە مرۆڤ، کە حەزەکانی خۆی لە ڕێگەی خەونەوە دەربرێت، شاعیر حەزە کپکراوەکانی خۆی تێکهەڵکێشی خەون کردووە، یاخود پێکهاتەکانی ئاوێتەیە لە نێوان خەون و حەزە سێکسییەکانی شاعیردا. بۆیە خەون بنەمایەکی گرنگی لایەنی دەروونییە لەم دەقە شیعرییەدا.

٤- عەبدوڵڵا پەشێو ، لەم شیعرەدا بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی پەنای بۆ ئاژەڵێکی نەوسنی وەک (گورگ) بردووە و گورگ دەکاتە ڕەمزێک و لە ڕێگەی ناوی ( گورگ)ەوە، دەیەوێت پەردەپۆشی غەریزەکانی بکات، وەک چۆن گورگێکی نەوسن، کە حەزی لە پەلاماردان و گۆشت خواردنە، شاعیریش هاوشێوەی ئەو گورگە، لەو تەنیاییەدا دەیەوێت حەزە سێکسییەکانی تێر بکات. لەم کاتەدا گوژمی حەز بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت و عەقڵ ڕادەگرێت و لایەنە دەروونییەکە و حەزە سێکسییەکان زاڵ دەبن.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ کوردییەکان:**

1. برێسلێر، چارلز، (٢٠٠٢)، و. یەعقووبی، عەبدوالخالق، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەك هەولێر.
2. پەشێو، عەبدوڵڵا، (٢٠١٤)، دیوانی هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان.
3. خەلیل، ڕێبین، (٢٠١١)، میتۆدی ڕەخنەی دەروونی لە بواری ئەدەبدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (170)، هەولێر
4. خەلیل، ئیبراهیم محمود، (٢٠١٧)، و. د. محەمەد تاتانی، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوک.
5. سڵێوە، هاوژین، (٢٠١٣)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چ(١)، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر.
6. سەعید، زاهیر ئیماعیل، (٢٠١٤)، ڕۆڵی گرووپی نوێخوازی وێران لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.
7. شلتەر، دوان، (١٩٩٩)، ئەدلەر و سایکۆلۆژیای تاکەکەسی، و. ڕێبوار ئەحمەد, گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٤٠).
8. عبداللە، پێشرەو، (٢٠١٢)، نالی و (ئەو) ڕێژکردنی جەستەی مەستورە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٧٨).
9. فضل, صلاح، (٢٠١٦)، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و. د. سەردار ئەحمەد گەردی، چپخانەی ئاوێر، هەولێر.
10. گەرمیانی، عادل، (٢٠٠٥)، پەیوەندی ڕەخنەی ئەدەبی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٩٧).
11. مەعروف، کەمال، (٢٠١٢)، تیۆرە نوێدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
12. هەڵمەت، لەتیف، (٢٠١٤)، دیوانی پرچی ئەو کچەی ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، چاپخانەی تاران.
13. هەڵمەت، لەتیف، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2024/8/11

**دووەم/** ئەنتەرنێت:

-https://www.pashew.com/kurdish/cause/

**Abstract**

This study under the title of “Analyzing texts from a psychoanalysis in one of Latif Halmat’sand Abdullah Pashew’s poems. The reason behind selecting this title was that the texts have contained psychological field and that’s why we preferred to choose Freud’s psychoanalysis in analyzing the two texts.

The study consists of three sections:

The first section under the name of a “Gate for Psychoanalysis method” in it the notion of Freud and Adleman is very briefly demonstrated.

The second section which is about the relation between literature and psychology. In this section the strong relation between literature and psychology is explained such as an interrelated circle that they have shared some points between them. These relations are existed between them such as: optimism, pessimism, tempestuous, emotion, fantasy, and subjugating sex.

The third section: in this section, under the psychoanalysis method, a text of Latif Halmatand Abdullah Pashew are analyzed practically. The research concluded by the outcome of the study via several points which later on the abstract is manifested in English language. Then we pointed out to the references we got benefit from them.


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034